# کێشەی پەنابەرانی کوردستانی عێراق لەسویسرا......
# ترا‌ژیدیایەکی ئیسنانی لەدڵی ئەوروپادا....

**جەمال کۆشش**
11.11 2007
Jamal-hasan@hotmail.com



ڕووداوی کوژرانی ژنێکی ئیتالیایی بەدەستی ڕۆمانیەکان لەمرۆژانەدا, فاشییستەکان و ڕاستەکانی ئەوروپای جۆشدایەوە مەیدانی توندوتیژی و بەشوێن خۆیدا تێهەڵچوون و پێکدادان پەرەیسەندەوە, ئەم جارە لەیاساشدا جێگیربوو  دیپۆرتی ئەو پەنابەرانەی دەست بۆ توندوتیژی دەبەن. بەڵام  توندوتیژی لەبەرامبەر پەنابەردا, مافێکە دەوڵەت بەخۆیداوە لەسویسرا. ڕێکخراوەی ئەمەنستی ئەنترناسیۆنال لەڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ئەمە چەندەمین جارە کە پۆلیسی سویسری تاوانبار دەکات بەهێرش و دەستدرێژی بۆ سەر پەنابەران وە بەتایبەت ئەفریکاییەکان بێئەوەی دەوڵەت مێشێك میوانی بێت. توندوتیژی تەنها لەبەکارهێنانی ووشەی ڕاسیستی و لەبەکارهێنانی ووزەی فیزیکی جەستە نیە بۆ شەڕ . بەبۆچوونی من دەتوانین ئەم مامەڵەیەی ئێستای وەزارەتی کاروباری پەنابەری و ئەو پراکیسیەی بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەری پەنابەران بەشێوازی قەسابی نێو بەرین.

لە ئۆکتۆبەری 1998 ەوە سویسرا کوردستانی عێراق بەناوچەیەکی ئارام ناساند, بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئیدی پرۆسەی وەڵامدانەوەو بۆ چەندین ساڵ وەستێنرا, ڕەفز دەستیپێکرد, بەشی ئیسئناف پڕپڕ بوو لەوەڵامی نیگەتیف . لەو ماوەیەدا پەنابەران و فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی و ڕێکخراوەو لایەنە جۆراجۆرە  ئینسانیەکان لەخەبات و تێکۆشانێکی بەردەوام دا بوون. مارشی هەفتەیی فیدراسیۆن لەمێژووی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی گشت پەنابەران بێوێنەیە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەتەنیشت ئەم مقاوەمەت و بەرەنگارییەوە. کۆمەڵێك خەڵك تاقەتیان تا ڕادەی خۆ کوشتن لەژیان چوو, وەك کارەساتی خۆکووشتنی عەزەدین لەیانیوەری 2001 دا, چەندین کەس دەمی خۆیان دوورییەوە, چەندین کەس پەتیان کردە ملی خۆیان, چەندین پەرەوازە بوون و سەریخۆیان هەڵگرت و ....چەندین کەس لەنەخۆشخانەکان کەوتن و هەڵسانەوە وە کەوتنەوە....چندین خێزان لێکهەڵوەشایەوە....ئەمانە هەمووی ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەو بڕیارە نادروست و نائینسانی وناقانوونی نیە بوو.

ڕێژەی پەنابەرانی کوردستانی عێراق 2 لەسەر 3 ی پەنابەرانی عێراقی پێکدەهێنێ لە سویسرا. بەشی ئیسئناف فایلی لاهەیەنزیکەی 6 ساڵە. ئایا بۆ هەڵسەنگاندن ولێکۆڵینەوە و بڕیاردان ئەوەندە کاتەی پێویستە. وەزارەتی کاروباری پەنابەری لەم سیاسەت و لەم جۆرە مامەڵەیە دەیەوێت بەدەستکەوتێك بگات. دەیەوێت پرۆسەیەکی دوورو درێژ وساڵ و مانگ بگرێت تا هەناسەی چاوەنوارِی ئەژنۆکانی شل بکات و بکەوێت بەزەویدا.

بەشوێن ڕووخانی حکومەتی بەعسدا و پاش چەندین ناڕەزایەتی ترو خۆپیشاندانی تر دەوڵەت بڕیاریدا کە هەموو عێراقیەکان مافی مانەوەیان پێبدات بەکوردستانی عێراقیشەوە. لەم فورسەتە یەکجار کەمەدا کە هەرچەندە دەوڵەت بۆ کەمکردنەوەی خزمەتگوزاری و بۆ هاندان بۆ کارکردن ئەمەی بڕیارەی دەرکرد, بەڵام پەنابەرانێکی زۆر کە ساڵانێك بوو چاوەنوارِی مافی مانەوەبوون قۆستیانەوە. هەرچەندە کە ئەم بڕیارە ئیمتیازاتێکی زۆر کەمی هەیە لەچاو پەنابەری سیاسیەوە کە هەرگیز لەگەڵ قەبووڵی ئینسانی دەوڵاتانی تری ئەوروپا بەراورد ناکرێت. وە بەو جۆرە دەوڵەت بۆ سەرجەم پەنابەران بڕیارێکی دەرکرد کە ئەوانەی زیاتر لە5 ساڵە لەسویسران و ماوەی ساڵێك کاری کردووە و ئێستا لەسەر بیمەی کۆمەڵایەتی نیە و تاوانی نەکردووەو جەزای لەسەر نیە دەتوانێت لە کانتۆن مافی مانەوە بەهۆی کارەوە وەربگرێت. ئەوەش کە هەموو کانتۆنێك سەربەخۆ بڕیار دەدات وخاوەنی بڕیاری خۆیەتی شتێکی ترە.

پاش ئەوەی لە کۆتاییەکانی ساڵی 2006 ەوە لێشاوێکی تری لاوانی کوردستان بەرەو ئەوروپا کۆچیانکردو بەتاسەوە خۆیان دەگەیاندە کەنارەکانی ئەوروپا,وەزارەتی کاروباری پەنابەری  دەوڵەتانی ئەوروپا بەگشتی وەفدەکانیان لەکوردستان بوون لەوانە سویسرا و لەگەڵ

نوێنەرانی حکومەتی هەرێم کۆدەبوونەوە و لێکۆڵینەوەکانیان بەئاراستەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پێشووتری کاتی ڕووخانی سەدام و شەڕی سێیەمی کەنداو.

لە5ئەبریلی 2007 ەوە ئەو بڕیارەی ئیلغاکرەوەو کوردستانی عێراقیان بەناوچەیەکی ئارام ناساندەوە و ئەم بنەمایەش دووبارە بۆ هەڵسەنگاندنەوەی فایلەکۆنەکان کە بەر ئەو بڕیارەی پێشووتر کەوتن دەگرێتەوە. لەم ماوانەدا بۆ زۆرێك لەپەنابەران نامەی ڕەفز ولێسەندنەوەی ئیقپامەکانیان بۆ چووە, یان نامەی ئەوەی ئایا دەتەوێت بگەڕێیتەوە و ژێر زمانی زۆر پەنابەر تاقیکراوەتەوە. تا ئێستا لەسویسرا کاتی دیپۆرتی بۆ پەنابەرانی ڕەفزکراوە دیارینەکردووە وبەڵام کاتی جێهێشتنی سویسرای داناوە. ماڤی مانەوە لەخاکی سویسرا دیاریکردووە. دەوڵەتی سویسرا چەند کەسێکی دیپۆرت کردۆتەوە بۆ کوردستانی عێراق بەڵام ئەو دیپۆرتانە پەیوەندییان بەحاڵەتی داوای ماڤی پەنابەرییەوە نەبووە.

هەلومەرجی ژیانی پەنابەران لەسویسرا تا دێت تراژیدی ترو نائینسانی تر دەبێت. لەسەرەتای ساڵی تازەوە, ئەو پەنابەرانەی ڕەفزییان هەیە و خۆیان نایەنەوێت بگەڕێنەوە و سویسرا جێناهێڵن لەکەمپێکی گشتی و دوور لەئاوەدانی کۆدەکرێنەوە لەکانتۆنەکاندا, ڕۆژانە چەکی خواردنیان بەبڕی 8 فرەنکیان پێدەدەن و شەوانە دەگەڕێنەوە ماڵە ساردو خەماوییەکانیان.

فورسەتێکی کەم بۆ بەرەنگاری ماوەتەوە....فیدراسیۆن ئەبێت ئامادەبێت..